

# زمان و ئایدۆلۆژیا[١]

## هەڤپەیڤین لەگەڵ دوکتۆر بەختیار سەجادی

### ئامادەکردنی سامان درەفش

**بیر و هزر وەکوو دەلاقەیەک بۆ چوونە ناو پرسەکەوە و پێش دەستپێکردنی تەوەری سەرەکیی وتوویژەکەمان، ئەگەر هەر ئێستا بمانهەوێت زمانی کوردی، نە تەنها وەکوو پرۆگرامێک لە بواری زمان و ئەدەب، بەڵکوو بۆ هەموو بوارە زانستییەکانی تر وەکوو زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی فێرکاری و پێخوێندن بە کاربێنین، چ کێشە و لەمپەرگەلێک لە پێشمان دەبێت؟**

**د. سەجادی:** کێشەکان بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبن. بەشی یەکەم کێشە ئیداری و یاسایی و وەزاری و ڕێکخراوەییەکانە و ئەمەش بەشێکی گەورەی کێشەکانی ئەم پرسەی پێکهێناوە. بەشێکی تری کێشەکان کە لە ڕوانگەی منەوە کێشە نین ئەوانەن کە تەنها بە هۆی ئەو ڕوانگە جیاوازانەوە هاتوونەتە ئاراوە کە دەربارەی زارەکانی زمانی کوردی و ئاستی پەرەسەندنیان و شێوەی مامەڵە لەگەڵ هەندێ بنزار و شێوەزار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ئاراستە کراون.

لە بەشی یەکەمدا گرنگترین ناوەندەکان لە ئێراندا بریتین لە دوو وەزارەتخانەی پەروەردە و زانستەکان کە دیارە لەپاڵ ئەمانەشدا ئەنجومەنی باڵای ڕاپەڕینی فەرهەنگی دەوری سەرەکی دەگێڕێ. هەورووەهاش، هەندێ ناوەندی تر وەک ڕێکخراوەی دەنگوڕەنگ و یاخود وەزارەتخانەی فەرهەنگ و هەندێ دەزگا و ناوەندی تر بە شێوەی لاوەکی دەور دەگێڕن، بەڵام بڕیارە سەرەکییەکە لای ئەو دوو وەزارەتخانەیەیە. هەروەهاش، دەبێ ئاوڕ لەو بابەتە بدەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگا کوردنشینەکانی ئێراندا پێوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە و هەر کامەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتخانەی پەرەووەردەیە لە تاران.

سەبارەت بە کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردیش لە

**سەبارەت بە زمانی نووسین لە ئاستێکی گشتیدا، کێشەکان ئەگەرچی لە ئارادان وەکوو بۆ نموونە هەبوونی دوو جۆری سەرەکیی ئەلفوبێ، شێوەگەلی جیاجیای ڕێنووس، یان تەنانەت هەندێ تایبەتمەندیی زمانی نووسین لە کوردیدا وەك و نموونە فەرز کردنی زمانی ئاخاوتن بەسەر نووسیندا؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم کێشانە دیسانەوەش لێرەدا کێشەکان لە چاو بەشی سێهەم زۆر کەمترن کە بریتین لە زمانێکی زانستیی پاراو و یەکگرتوو و یاخود زمانێکی ئەدەبیی سەرتاسەری.**

زانستگاکاندا دەتوانم بڵێم ئەم کێشەیە تا ڕادەیەک چارەسەر بووە و هەر ئێستاکە هەر زانستگایەک لە ئێراندا بیەوێ دەتوانێ ئەو بەشە لە قۆناغەکانی کارناسی و کارناسیی باڵادا بکاتەوە و لە درێژخایەندا دەشکرێ بەشـــی دوکتۆراش بکرێتەوە. واتە، لێرەدا بڕیارەکە کەوتۆتە ئەستۆی زانستگاکان و، وەزارەتی علووم دەمێکە لەم بارەوە ئامادەیی دەربڕیوە.

هەر سەبارەت بەو دوو وەزارەتخانەیە و هەندێ ڕێکخراوەی تر، ئێمە و کەسانی تر چەندین کۆبوونەوە و دانیشتنمان ساز کردووە لەگەڵ بەرپرســـانی ئەو ڕێکخراوانە چ لە تاران و چ لە سنە و چ لە شـــارەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا و لەگەڵ پسپۆڕانی پەروەردەیی و بەڕێوبەرانی پەروەردەیی پارێزگا بە مەبەســـتی گونجانـــدن و دانانی چەند کتێبی دەرســـی بە زمانی کوردی لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکاندا وەکوو قۆناغی یەکەمی خوێنـــدن بە زمانی کـــوردی ڕێکەوتووین و بەم نزیکانەش بەرهەمەکەی دەبینین. هەر لێرەشدا پێویستە خێرا ئەوە بڵێین کە مەبەســـتی ئێمە خوێندن و فێرکارییە بە زمانی کوردی، نەک بەو شێوەیەی هەندێ کەس فێرکاریی زمانی کوردییان لا مەبەستە.

ئەم هەوڵانە لە لایەن ئێمە و کەســـانی تـــرەوە بەردەوامن و هیواداریـن لە داهاتوودا بگەیینە ئەنجام، بە شـــێوەیەک کە منداڵانی کورد بتوانن لە خوێندنگا و قوتابخانە و فێرگەکاندا هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بە زمانی کوردی بخوێنن. دیارە ئەمەش بەرنامەیەکی درێژخایەنە و پێویســـتی بە بەرنامەدارشتنێکی هەمەلایەنە و گشتگیر هەیە.

ســـەبارەت بە وەزارەتی پـــەروەردە هەوڵە ســـەرەتاییەکان ســـەرەتا خۆیان لە ڕواڵەتی چەند بەشـــێکی کتێب و یاخود پاشـــکۆی کتێبدا دەبیننەوە، بەڵام پـــاش ماوەیەک دەکرێ ئەم بەرنامەیە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت و پەرە بســـێنێت و لە قۆناغێکی تریشدا و پاش تێپەڕبوونی ئەم بەشـــە لە پارێزگای کوردســـتان کە بۆخۆی لانیکەم چەند ســـاڵێ پێویستە، لە ئاستێکی تردا و یان هاوتەریب لە پارێزگا کوردنشینەکانی تری ئێراندا، وەکوو پارێزگاگەلی کرماشـــان و ئیلام و بەشـــێک لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا واتە ناوچەی موکریان و تەنانەت لە پارێزگای خوراسانی باکووریشدا جێبەجێ بکرێ. دیارە ئەمە کارێکی ســـەخت و دژوار و درێژخایەنە و پێویستی بە هەوڵی جدی هەیە و ئێمەش هیواداریـن ســـەرجەم ئەو کەسانەی بە شێوەیەک لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە گرنگ و گرانەدا ڕەوڵ دەگێڕن سەرکەوتوو بن. هەر لێرەشەوە دەبێ سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئەو ناوەند و ئەنجومەن و بڵاوکراوە و تەنانەت پەخشانگاکانیش بکەین کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵات بەوپەڕی دڵسۆزی و چالاکییەوە ڕاژەی زمانی کوردییان کردووە.

ئەم بەرنامەیە ڕاســـتە بە ڕەوتێکی درێژخایەن و ئاڵۆزیشدا تێدەپـــەڕێ بەڵام ئێمە لەم ڕووەوە گەشـــبینین و پێویســـتە پشـــوودرێژ بین و نابێ واز لەو هیوایە بێنین و هەمووان دەبێ ئەوەی لە دەســـتیان دێ بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامی بدەن. هەر لێرەشەوە دەبێ دەستخۆشی بکەین لە سەرجەم ئەو کەس و لایـــەن و دامەزراوە حکوومی و یاخود تایبەتانەی لەم پێناوەدا خۆیانیـــان ماندوو کردووە و بابەتی فێرکاریی زمانی کوردییان لا گرنگ بووە. هەڵبەت نابێ ئەوەش بشـــارینەوە کە بەشێک لە بەرپرسان و کاربەدەستانی هەردوو وەزارەتخانەی ناوبراو لەم ڕووەوە کەمتەرخەمییان کردووە و دەکەن.

بەڵام بەشی دووەمی کێشـــەکان دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی و تایبەتمەنـــدی و دۆخ و ئاســـتی زمانی کـــوردی و زارە پێکهێنەرەکانی بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تردا. ئەم باســـە پێوەندیی ڕاستەوخۆ و نزیکی هەیە بە بابەتی پرسی پەرەسەندنی زمانەوە (development of language) کە یەکێکە لە مژارە پرمشـــتومرەکانی گوتاری ئاکادیمیکـــی هاوچەرخ لە ئاقاری زانســـتە مرۆییەکاندا. بە شێوەیەکی گشتی و سەرەتایی گەر سێ جۆری سەرەکی و جیاجیا بۆ زمان ڕەچاو بکەین کە بریتی بن لە زمانی ئاخاوتن، زمانی نووسین، زمانی زانستی و ئەدەبی، پرســـیارەکەی جەنابتان پێوەندیی هەیە بە جۆری سێیەمەوە، واتە زمانی زانستیی پاراو و یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی تۆکمە و سەرتاسەری.

**بیروهزر دەکرێ ســـەرەتا بـــە کورتی ســـەبارەت بەم پۆلێنبەندییە زمانەوانییە و ئەو سێ جۆر زمانە باس بکەن و پاشـــان بێنەوە سەر ئەو بەشەی زمان کە پێوەندیی بە پرسیارەکەوە هەیە؟**

**د. سەجادی:** زمانی ئاخاوتن ڕەوتی سروشتیی خۆی دەپێوێ و تاکەکـــەس ناتوانێ بەری پێبگرێ یاخود بیگۆڕێ. هەمووان بە شـــێوەزاری کوردیی خۆیان قســـە ئەکەن و زۆر گەمژانەیە گەر بوترێ بڕیارە شێوەی قسەکردنی خەڵک خێرا بگۆڕدرێ. ئەگەرچی زمانی ئاخاوتن لـــە ڕۆژهەڵاتدا لە ژێر کاریگەریی زمانەکانی تر و بە تایبەت زمانی فارســـیدایە، بەڵام ئەم بەشە مژاری بابەتەکەی ئێمە نییە، هەرچەند ئەمەش بۆخۆی باسێکی زۆر گرنگە. بۆ نموونە، وەک هەمووتان ئاگادارن، لە هەندێ لە شارەکاندا وەکوو کرماشان هەست بە زاڵێتی و لە سنە هەست بە کاریگەریی زمانی فارسی دەکرێ لە ئاستە جیاجیاکانی بە کارهێنانی وشە و تەنانەت لە شێوەی سینتاکس و ڕستەسازیدا. ئەگەرچی ئەم باسە لە لایەکی تریشەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە سیاســـەتی زمانی و کۆمەڵناسیی زمان و زمانناسیی کۆمەڵایەتی و تەنانەت قەیرانی ناسنامەشەوە، بەڵام پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەم بەشـــە لە پرسیارەکانی جەنابتانەوە نییە و کەواتە باسیان ناکەین.

سەبارەت بە زمانی نووسین لە ئاستێکی گشتیدا، کێشەکان ئەگەرچی لە ئارادان، بۆ نموونە هەبوونی دوو جۆری سەرەکیی ئەلفوبێ، شێوەگەلی جیاجیای ڕێنووس، یان تەنانەت هەندێ تایبەتمەندیی زمانی نووســـین لە کوردیدا وەک فەرزکردنی زمانی ئاخاوتن بەسەر نووســـیندا؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم کێشانە دیسانەوەش لێرەدا کێشەکان لەچاو بەشی سێهەم زۆر کەمترن کە بریتین لە زمانێکی زانســـتیی پاراو و یەکگرتوو و یاخود زمانێکی ئەدەبیی سەرتاسەری. بە واتایەکی تر، کێشەکانی زمانی نووســـینی کوردی بە شێوەی گشـــتی، لە زۆر ڕووەوە کەمترن لەو کێشانەی لە هەمبەر شێوەی زانستی و ئەدەبیی زمانی کوردیدا قوت دەبنەوە. پرسیارەکەی جەنابتان پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بەم شێوەیەی زمانەوە.

پێش شی کردنەوەی مۆرکەکانی ئەو جۆرە زمانە و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەسەندنی، سەرەتا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە لە هەموو زمانەکاندا خاوەنی چەندین ئاستی جیاجیای زمانین وەکوو: زمانی ڕۆژنامەیی یان ژورنالیستی، زمانی ڕاگەیاندن، زمانی پیشەیی، زمانی زانست، زمانی ئەدەبی، تەنانەت زمانی بەکارهێنراو لە ڕێکلام و پەیامی بازرگانی، زمانی ڕەسمی، شێوە جیاجیاکانی زمانی شەقام، تەنانەت زمانی بەکارهێنراو لە چەتی ئینتێرنێتی و کورتەپەیامی مۆبایلدا، یان زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان، یان زمانی سەر بیلبۆردەکان. ئەگەرچی ئێمە خاوەن چەندین جۆری جیاجیای زمانین، بەڵام دەتوانین هەموویان بەسەر دوو بەشی گشتیدا دابەش بکەین، کە بەشێکیان زمانی زانستی و پیشەیین و بەشێکیشیان زمانی ئەدەبین و تەنانەت زمانی موحاورە و سەرشەقام بۆخۆیان بەشێکن لە شێوازە جیاجیاکانی زمانی ئەدەبی.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بە هۆی چەندین هۆکاری جیاجیای سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە زمانی کوردی نەیتوانیوە لەم شێوە و بەشە جیاجیایانەدا پەرەیەکی بەرچاو بسێنێ. ئەگەرچی دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بکەین کە بەختەوەرانە لانیکەم لەم بیست سی ساڵەی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵات جۆرێک لە ڕەوتی گەشەکردنی زمانی کوردی کەوتۆتە گەڕ، بە شێوەیەک کە دەتوانین قامک بخەینە سەر ئەو خاڵە جیاوازانەی هەندێ لە شێوە جیاجیاکانی زمانی کوردی لە قۆناغی ئێستادا. نموونەی ئاشکرا بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێ وشە و دەستەواژە لە زمانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەییدا کە لە زمانی وتوویژ و ئاپۆرەییدا بەکار نابرێن؛ بە پێچەوانەشەوە، هەندێ وشە و دەستەواژەی ئاپۆرەیی و شەعبی کە لە زمانی فەرمیدا بە کار ناهێنرێن. یان، نموونەیەکی ئاشکرای دیکە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی زمانێکی پاراوی فەلسەفی و تیۆریک، یان هەوڵدان بۆ بەکوردیکردنەوەی دەقە جیاجیا زانستییەکان وەکوو بیرکاری و فیزیک و کیمیا. بەڵام ئەگەر بمهەوێ کورتی بکەمەوە یەکێ لە کێشەی سەرەکییەکانی بابەتی پەرەسەندنی زمان لە بەشی زمانی زانستی و تەنانەت فەلسەفیدا بریتییە لە کێشەی هاوواتادانان بۆ ئەو هەموو چەمک و زاراوە تەکنیکی و پسپۆڕانەیەی دنیای زانست و مەعریفە. هەڵبەت لەم پێناوەشدا، واتە لە بەشی وشەڕۆنان و زاراوەسازیدا، چەندین هەوڵ ئەنجام دراوە و خۆشبەختانە ئەم هەوڵانەش بەردەوامن، بەڵام کێشەی زمانی زانستی و بیریارانە هەر بەمەوە ڕاناوەستێ و چەندین لقوپۆپی تری لێ دەکەوێتەوە.

لە بەشی زمانی ئەدەبیشدا هەر تەنها دوو نموونە لە گرنگترین کێشەکان بە کورتی باس دەکەم؛ یەکەمیان بریتییە لە فەوتانی سامانێک بە ناوی شێوازی فولکلۆریکی زمانی کوردی و بەو پێیەش نەنواندنەوەی ئەو زمانە لە بەرهەمە ئەدەبییە ئارکەییکەکاندا و یاخود بەکارنەهێنرانی زمانی ئاپۆرەیی و موحاورەیی و سەر شەقام لە بەرهەمە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا. دیارە هەر کام لەم باسانە بۆخۆیان بابەتی سێمینارێکی ئەوتۆن و لێرەدا هەر تەنها دەکرێ باسی سەردێڕی هەواڵەکان بکرێ. یان ئەوەی کە، هەر وەک دەزانرێ، زمانی کوردی خۆی لە چەندین زار و بنزار و شێوەزار و دەستەی جیاجیا دەبینێتەوە و پاشان ئەو خاڵە کە هەر کام لەم زاراوانە خاوەنی قامووسێکی بەرفراوانی وشە و دەستەواژەن و پێویستیی نواندنەوەی ئەو بەشە زمانییە لە بەرهەمە جیاجیا ئەدەبی و هونەرییە کوردییەکاندا دەبیندرێ. بە هۆی گرنگینەدان بەو بەشەوە و پەرەپێنەدانی ئەو جۆرە شێوەزارە تایبەتانە، لە ئاکامدا ئەو سامانە و ئەو قامووسە وشەییە و ئەو دەستەواژە تایبەتانە ڕوو لە نەمان دەکەن و ئەمەش واتە مەترسیی لەناوچوونی لێ دەکەوێتەوە.

کێشەی دووەم بریتییە لەوەی پەخشانی کوردی خاوەنی مێژینەیەکی پتەو و ڕابردوویەکی درەوشاوە نییە. ئەمە حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە کە گەرچی یەکەم نموونەکانی پەخشان لە کورمانجیدا بۆ کۆتایی سەدەی دەیەمی کۆچی و لە سۆرانیدا بۆ دووسەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەو ڕەوتە بە هیچ شێوەیەک بە باشی درێژەی پێنەدرا و بە هۆی پچڕانی زۆرەوە، وێڕای هەندێ هەوڵی هاوشێوەی تر، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تووشی وەستان بووەوە و مرۆڤ دەکارێ بێژێ تەمەنی بێدابڕانی پەخشانی ئێستای کوردی سەد ساڵە و ئەو ڕەوتەش دیسانەوە بە چەندین هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە.

یەکەم پەخشانی کوردیی سۆرانی واتە عەقیدەنامەکەی مەولانا خالید بێجگە لە ئامرازەکانی پێوەندی و هەندێ وشەی هەڵکەوتی ڕەسەن، زۆربەی هەرە زۆری بە وشەی عەرەبی و هەڵگری بیری ئایینی داچێنراوە و واتاژن کراوە. گەر ئێستە زمانی ئایدیۆلۆجیک چەندین بەش و ژێربەش دەگرێتەوە، پێشتر لە کۆمەڵگایەکی پێشمۆدێرندا و بە تایبەت لە ناوچەکانی کوردستاندا خۆی زیاتر لە گوتاری ئایینیدا بینیوەتەوە. هەر بۆیەش پەخشانی کوردی با ئەگەر تەمەنیشی زۆر کورت نەبێ بەڵام هەمدیسانەوە و لەبەر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و




**ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بە هۆی چەندین هۆکاری جیاجیای سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە زمانی کوردی نەیتوانیوە لەم شێوە و بەشە جیاجیایانەدا پەرەیەکی بەرچاو بسێنێ. ئەگەرچی دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بکەین کە بەختەوەرانە لانی کەم لەم بیست سی ساڵەی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵات جۆرێك لە ڕەوتی گەشەکردنی زمانی کوردی کەتۆتە گەڕ**

**ڕێنووس بۆ کەسێکی من سەرەتا و لە پلەی یەکەمدا بۆخۆی بەرهەمهێنانەوەی سوبژێکتیڤیتەی سووژەی کوردییە. واتە، پێوەندییەکی دوولایەنە و نزیك هەیە لە نێوان سوبژێکتیڤیتە و ڕێنووسدا. دەتوانین بە هێنانەوەی چەندین نموونەی زەق ئەوە بخەینە بەر چاو کە ڕێنووسی تایبەت و جیاواز نەك هەر دەرکەوتەی سوبژێکتیڤیتەی تایبەت و جیاوازە بەڵکوو لە قۆناغێکی تریشدا ئەمە ڕێنووسە کە ڕەهەندی ئایدیۆلۆجیکی سوبژێکیتیڤیتە پتەوتر دەکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەوە لە ژیانی ڕۆژانەی سووژەدا.**

فەرهەنگی و تەنانەت شێوازناسانە ئەویش بە زەقی، ناتوانێ دەوری پێشینەیەکی قورس و قایم بۆ زمانی زانستیی کوردی بگێڕێ. دیارە گەلێک هۆکاری جیاجیا هەن بۆ پەرەنەسەندنی پەخشانی کوردی کە ئێرە جێگای باس‌کردنیان نییە؛ تەنها دەمەوێ بڵێم تەمەنی کورت و قەبارەی لاوازی پەخشانی کوردی لە چاو پەخشانی زمانەکەنی تردا هۆکاری سەرەکین بۆ بەهێزنەبوونی زمانی زانستی کوردی بە هەموو بەشەکانیەوە.

**هزر و بیر: زمانی کوردی ماوەیەکە وەکوو زمانی مێدیا و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان‌دا بەکار دەچێت. بۆچی ئەم زمانە لەم بوارانەدا نەیتوانیوە شێوازێکی ستاندارد و یەکگرتوو بگرێتە خۆ و ئەم پەرتەوازی و جیاوازییە لە ڕێنووس و شێوازی نووسین‌دا چۆن چارەسەر دەبێت؟**

**د. سەجادی:** بەم پرسیارەی بەڕێزتانەوە وا پەیتاپەیتا دەچینە ناواخنی بابەتی سەرەکیی وت‌ووێژەکەوە کە بڕیاربوو لەسەر پێوەندیی نێوان زمان و ئایدیۆلۆژیا بێ. ئەو پەرتەوازییە بە شێوەیەکی زەق دەبیندرێ. لێرەش‌دا مەبەستم لەو پەرتەوازی و شێواوییە، چی‌دی سیستەمی ئەلف‌وبێی جیاجیا نییە، بەڵکوو لە دام‌ودەزگاکانی ڕاگەیاندن‌دا کە سەر بە یەک زاراوەشن، هەر ئەو پەرتەوازییە دەبیندرێ. تەنانەت مەبەستیشم ڕێنووسی جیاجیای دەزگاکانی ڕاگەیاندن نییە و بەڵکوو کێشەکە لەمە بەرفراوان‌ترە. لێرەدا حەز دەکەم نموونەیەکتان بۆ باس بکەم کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە پرسیارەکەوە و زیاتر ئاگادارمان دەکاتەوە لەو دۆخە نالەبارە. لەو کاناڵە مانگیلەییانەی بە زمانی کوردی بەرنامە بڵاو دەکەنەوە، زۆربەی کاتەکان بۆ یەک مەبەست و یەک واتا و یەک بابەت چەندین وشەی جیاجیا بەکار دەهێنرێن؛ ئەمەش لە کاتێک‌دا بنکەی سەرجەم ئەو کاناڵانە لە یەک شاردان و یەک شێواز و یەک ئەلف‌وبێ بەرنامەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

ئەو نموونەیەی سەرەوە هەر تەنها یەکێکە لەو نموونە زەق‌وزۆپانەی ڕۆژانە بەرەوروویان دەبینەوە. ئەم واقیعە نەخوازراوە ئەوەمان پێشان دەدا کە ئەو دام‌ودەزگا ڕاگەیاندنە کە لە ڕواڵەت‌دا باسی یەکگرتوویی کورد دەکا، بۆخۆی لە ڕاستی‌دا دەوری سەرەکیی هەیە لە پارچەپارچەکردنی زمان و ناسنامەی کوردی‌دا. ئەم دۆخە لە بەشە جیاجیاکانی تریش‌دا بە سانایی دەبیندرێ. لە لێکۆڵینەوەیەک کە بەشێکیشم چاپ کردووە دەیان نموونەم هێناوەتەوە لەو ڕۆژنامەگەلە و لەو کەناڵە تەلەڤیزیۆنیانەی بە کوردین و ئەگەرچی لە ڕواڵەت‌دا بانگەشە بۆ گوتارێکی یەکگرتوو دەکەن، کەچی لە ڕاستی‌دا بۆخۆیان دەوری سەرەکییان هەیە لە شێواندن و پەرتەوازەبوون و دارماندنی سوبژێکتیڤیتەی کوردی‌دا. نموونەیەکی زۆر سەیرتان بۆ باس بکەم ئەویش ڕێکلامێکە کە لە کوردستانی باشووردا یەکێک لە کۆمپانیاکانی دابین‌کردنی هێڵی ئینتێرنێت لە ڕۆژنامەیەک‌دا بڵاوی کردۆتەوە. لەو ڕێکلامەدا تەنانەت ناوی شارەکانیش بە دوو شێوە و دوو فۆنتی جیاجیا نووسراون. واتە، یەک کۆمپانیایە، یەک هەرێمە، یەک مەبەستە و یەک کارە بەڵام لە ڕێکلامەکانی‌دا ناوی شارەکانی بە دوو فۆنت نووسیوە. ناوی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و شەقڵاوە و سەیدسادق و پێنجوێن و کەلار و قەڵادزێ و ڕواندز بە فۆنتێک نووسراون، کەچی لە بەرامبەردا شارەکانی دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدی و شێخان بە فۆنتێکی تر. ئەمە بێ‌گومان دەوری هەیە لە بەرهەم‌هێنانەوەی



ئەو ئۆلگووە زەینییەی کە بۆخۆی دەوری سەرەکی دەگێڕێ لە پێناو زیاتر پەرتەوازەبوونی ئەو ناســـنامەیەدا. بەم دواییانەش لە باشووردا تەنانەت دوو فۆنتی جیاواز بۆ سۆرانی و بادینی بەکار دەهێنن و ئەمەش واتە کارەسات.

نموونەیەکی ئاشــکرای ئەم بەشـــەی باسەکە بریتی‌یە لەو هەموو ڕێنووســـە جیاجیایە. ئەگەرچی ڕێنووســـی کوردی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و لێرەدا دەرفەتی لێکدانەوەی ئەو ڕەوتەمان نییە بـــەڵام، مۆڵەتم بدەنێ هەر لێرە زۆر خێرا و بە کورتی باسێکی هەرە گرنگ سەبارەت بە ڕێنووس بورووژێنم کە ئەویش بریتی‌یە لە خوێندنەوەی مەعریفەناسانە بۆ سیستەمە ڕێنووسییە جیاجیاکانی زمانی کوردی. ڕێنووس بۆ کەسێکی وەک من ســـەرەتا و لـــە پلەی یەکـــەمدا بەرهەمهێنانەوەی ســـوبژێکتیڤیتەی ســـووژەی کوردی‌یە. واتـــە، پەیوەندییەکی دوولایەنە و نزیک هەیە لە نێوان سوبژێکتیڤیتە و ڕێنووسدا. دەتوانیـــن بە هێنانەوەی چەندین نموونەی زەق ئەوە بخەینە بەر چاو کە ڕێنووسی تایبەت و جیاواز نەک هەر دەرکەوتەی سوبژێکتیڤیتەی تایبەت و جیاوازە بەڵکوو لە قۆناغێکی تریش‌دا ئەمە ڕێنووسە کە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیکی سوبژێکتیڤیتە پتەوتر دەکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەوە لە ژیانی ڕۆژانەی سووژەدا. دیارە لێرەدا ناکرێ بە وردی لێی بکۆڵمەوە بەڵام هەر ئەوە دەڵێم کە دەتوانین وێکچوویی نێوان ســـوبژێکتیڤیتە و ڕێنووس دەستنیشـــان بکەین. بۆ نموونە، ئەو کەسایەتییەی تاکایەتی لە ناسنامەی‌دا گەشەی نەکردووە، لە ڕێنووسیش‌دا بەر بە تاکایەتیی وشـــەکان دەگرێ و ناخودئاگایانە پێکەوەیان دەبەستێتەوە. یان، ئەو ناسنامەیەی تێدا سەربەخۆیی حەشار دراوە و سەرکوت کراوە، لە ڕێنووسیش‌دا سەربەخۆیی لە وشە



و ڕستەکان دەسرێتەوە. یان، ئەو سوبژێکتیڤتەیەی لێوانلێوە لە ماکەی گشتی‌نوارین، لە ڕێنووسەکەشی‌دا گشتی‌نوارین بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەو سیستەمە فەرهەنگییەی تێدا نەزم و تەکووزی ئامادە نییە ڕێنووسەکەشی تەکووز و ڕێکوپێک نییە. پێشتر ســـێمینارێکی تایبەتم لەسەر ئەم پرسە ســـاز کردووە و لێرە دووبارەی ناکەمەوە.

**بیروهزر لەم دۆخەدا کە لە ســـەرەوە ئاماژەتان بۆ کرد ئایدیۆلۆجی بە چ شـــێوەیەک دەور دەگێڕێ و لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟ بە واتایەکی تر، مکانیزم و چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان زمان و ئایدیۆلۆجی بە چ شێوەیەکە؟**

**د. ســـەجادی:** ڕاســـتە ســـادەترین پێناســـەی زمانی ئایدیۆلۆجیک بریتی‌یە لەو زمانەی تەژی‌یە لە دەلالەت و باری سیاســـی و ئەمەش واتە بەکارهێنانی هەندێ تێرم و زاراوە و دەستەواژەی سیاسی، بەڵام ئەمە هەر تەنها بەشێکی بچووکی زمانی ئایدیۆلۆژیکە و بە تەنها قامکخســـتنە سەر ئەم بابەتە، خۆی لە خۆی‌دا دەبێتە هۆکاری دیســـانەوە ســـادەکردنەوە و گشـــتی‌کردنەوەی باســـەکە. زمانی ئایدیۆلۆژیک پانتاییەکی بەرفراوانی زمانی داگیرکردووە و زۆر کەمن ئەو ساتەوەختانەی زمان بە شـــێوەی ئایدیۆلۆژیک دەرناکـــەوێ. واتە، نەک هەر دەقەکان و ئاخاوتەکان و بەڵکوو تەنانەت وشە و دەستەواژەکان هەر تەنهـــا لە ڕێگـــەی بارگاویبوون بە بیری سیاســـییەوە نابنە پیشـــاندەری زمانـــی ئایدیۆلۆجیک و بەڵکـــوو بە هۆی بارگاویبوونیان بە کۆی ڕەهەندە هزری و تەنانەت کردارییەکانی ســـەرجەم گوتارە ئایدیۆلۆژیکەکانـــەوە دەبنە هەڵگری توێ و بارێکی ئایدیۆلۆژیک.

زمانی کوردی و بە تایبەت زمانی کوردی لە گوتاری سیاسی‌دا و بۆ وێنە لە باشووردا و زیاتر وشە و دەستەواژەکان، لەبەر هۆکاری ئاشـــکرا بوونەتە هەڵگری بارێکی تەواو ئایدیۆلۆژیک کە لێرەدا مەبەست لە گوتاری ئایدیۆلۆژیک زیاتر گوتاری حیزبایەتی‌یە. نموونەی بەرچاو وشەگەلی لق و مەڵبەند و مەکۆن کە ئەمڕۆکە لە باشوور هەر کامە و هەڵگری واتایەکی دیاریکراوی حیزبین. یان، ئەو دەستەواژانەی دەمێ ساڵە لە سێمینارەکان‌دا ئاماژەیان بۆ دەکەین، وەک نموونە گەڕیلای سەری چیا و پێشمەرگە لە شاخدا. ئەو ئەنستیتۆیانە گەرچی بە ڕواڵەت هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیین و بانگەشەی یەکریزی و یەکگرتنەوە دەکەن، بەڵام بۆخۆیان دەور دەگێڕن لە بەرهەمهێنانەوەی سوبژێکتیڤیتەی سیاسیی داڕماو و چەندپارچەی کوردی‌دا.

لـــە ڕوانگەی منەوە نابێ و ناشـــکرێ ئایدیۆلۆژیا تەنها بۆ کاروباری ڕامیاری دابەزێندرێ و کورتوکۆ بکرێتەوە، بەڵکوو وەک چـــۆن چەندین جاریش دووبارەم کردۆتەوە سیاســـەت هەر تەنها یەکێکە لە دەرکەوتەکان و جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا و، گشتاندنی ئایدیۆلۆژیا بۆ پێگەی سیاسەت هۆکارە بۆ وەپشت-گوێ‌خستنی دەوری زۆر کاریگەری گوتارە ئایدیۆلۆژیکەکانی تر وەک گوتاری خێڵەکی و عەشیرەیی و ئابووریی و ئایین‌زایی و پەروەردەیی و تەنانەت ژورنالیستی و و بورژوازی و خێزانیش. لە ڕوانگـــەی منەوە تەنانەت هەر دوو گوتاری ڕۆشـــنبیری و ئاکادێمیکیش دەتوانرێن وەک گوتـــاری ئایدیۆلۆژیک ناوبردە

**زمانی کوردی و بە تایبەت زمانی کوردی لە گوتاری سیاسیدا و بۆ وێنە لە باشووردا و زیاتر وشە و دەستەواژەکان لەبەر هۆکاری ئاشکرا بوونەتە هەڵگری بارێکی تەواو ئایدیۆلۆجیك کە لێرەدا مەبەست لە گوتاری ئایدیۆلۆجیك زیاتر گوتاری حیزبایەتییە.**

بکرێن و ئەمەش پێویستی بە دەستنیشان‌کردنی ئەو ڕەهەند و مۆرکە ئایدیۆلۆجیکانەیە کە خۆیان زیاتر لە دەقەری زمانەوانی‌دا دەبیننەوە و کەواتە باسەکە وێڕای ئەوە لایەنێکی زمان‌ناسانەشی هەیە، زیاتر فەرهەنگی‌یە. سادەتر بڵێم، هەڵەیە گەر تەنها لە سیستەمی سیاسی‌دا و بە تایبەت لە چەپی ئۆرتۆدۆکس‌دا باس لە زمانی ئایدیۆلۆژیک و یاخود ئایدیۆلۆژیا زمان بکەین.

لە پاڵ ئەمانەش‌دا، لە هزری سیاسی و تەنانەت ڕەخنەی ئەدەبیش‌دا دەکرێ زیاتری ئاوڕ لێ بدەینەوە. نموونەی هەرە ئاشکرای ئەم باسانە بۆچوونی تایبەتی دەسەڵاتە بۆ زمان لە ڕۆمانی ١٩٨٤دا. لێرەدا بە ئەنقەست هەندێ وشە لە زمان‌دا بە تەواوەتی لەناو چوونە و هەندێکیشیان یاساغ و قەدەغە کراون و لە لایەن ئایدیۆلۆژییەوە بە تەواوی بەرەوبڕ کراون.

دەکارم نموونەیەکی تازەترتان بۆ باس بکەم و ئەویش بەکارهێنانی وشەی «کانوون»ە لە لایەن هەندێ نووسەر و شاعیری ڕۆژهەڵاتی دەرەوە کە گەرچی ڕێزم هەیە بۆ هەر هەموویان، بەڵام وەک دەزانرێ زۆر کەمن ژمارەی ئەو کوردانەی، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، کەڵک لەم وشەیە وەربگرن. ئەگەرچێ دەکرێ گەلێک تیڕامان سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کانوون لە باری دێرینەناسیی فەرهەنگی و لە ڕووی کۆنینەناسیی وشەوە بدەین بە دەستەوە و باسی ئامادەبوونی ئەو وشەیە و هاوشێوەکانی لە زمانە جیاجیاکان‌دا بکەین، بەڵام وەک دەزانرێ ئەمە تەنها بە هۆی دەسەڵات و کاریگەریی بیری چەپەوە بوو کە لە ناوەڕاستی سەدەدا لە ئێران «کانون نویسندگان ایران» و لە ناو عەرەبەکان‌دا «الاتحاد الادبا» هاتە ئاراوە و لە باشووریش یەکێتیی نووسەران. دەمەوێ ئەوە بڵێم ئایدیۆلۆجی هێندە زاڵ و زیرەکە کە تەنانەت پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧٠ ساڵ بەسەر پێک‌هینانی ئەو جۆرە کانوون و ناوەندانەدا تەنانەت هەر ئێستاکەش کەسانێک هەن کەڵک لەو چەمکانە وەردەگرن کە هەڵگری واتایەکی تەواو ئایدیۆلۆژیکن. ڕاستە ئەندامانی کانوونی نووسەرانی ئێران زۆربەیان نووسەری بەبەهرە و بەنێوبانگن، بەڵام پێویستە بڵێین بە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و پیشەیی و بە تایبەت پارادیگماتیکەکانەوە لە ئێرانی چەند دەیەی ڕابردوودا ئیدی کانوونی نووسەران ئەو تاقە ڕێکخراوە بەهێزە ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و ئەدەبییە نییە و بگرە یەکجار زۆریشن ژمارەی ئەو نووسەر و شاعیر و توێژەر و وەرگێڕ و بیرمەندە ئێرانییانەی ناوەوە و دەرەوەی ئێران کە یەکجار زۆریش کاریگەرتر و پڕبەرهەم‌ترن و کەچی ئەندامیش نین لەو کانوونەدا. هەر بە هەمان شێوەش، زۆرن ژمارەی ئەو ڕێکخراوە ئەدەبی و فیکری و فەرهەنگیانەی ناوەوە و دەرەوەی ئێران لە ڕووی کار و چالاکی و کاریگەرییەوە هیچیان لە کانوونی نووسەرانی ئێران نەک هەر کەم‌تر نییە بەڵکوو زۆر زیاتریشە. لەم نموونەیەی هێنامەوە تەنها مەبەستم هەڵبژاردنی وشەی کانوون بوو وەکوو دالێکی ئایدیۆلۆژیک، ئەگینا خودی کارەکەیان بە ئەرێنی دەنرخێنم.

ئەم نموونانە یەکجار زۆرن. بڕوانن بۆ دەور و فرەپاتیی ئاوەڵناوێکی وەک «فوق‌العاده» لە زمانی وت‌ووێژدا لە شارە گەورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات‌دا. هەمان بۆچوون بۆ وشەگەلی «زیبا»، «بسیار»، «بازی»، «تەدیگ» و «آدامس»یش دروستە. یان بڕوانن بۆ دەوری ئایدیۆلۆژیکی هەندێ وشەی تازە کە پێشتر بۆ سووژەی ئاخێوەری کوردی نامۆ بوونە؛ بە پێچەوانەشەوە، بڕوانە بۆ باری ئایدیۆلۆژیکی هەندێ وشەی ڕەسەنی کوردی کە ماوەیەکە لە زمانی خەڵک سڕاونەتەوە و دیار نەماون. لەو کوردییەی خەڵکی سنە و دەوروبەری قسەی پێ‌ئەکەن هەندێ وشەی کۆن و ڕەسەن هەر لەم بیست سی ساڵەی ڕابردوودا دیار نەماون و بەکارهێنانیان بۆتە نیشانەیەکی زەقی ئایدیۆلۆژیک! «کوڵ»، «کڵۆڵ»، «کۆرانەوە»، «لەچک»، «مەکارە»، «دەوری» و «فریت» گەرچی کۆن و زۆربەیان ڕەسەنن، بەڵام ئێستا بە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کەواتە فەرهەنگییەوە بوونەتە تەواو ئایدیۆلۆژیک. لە باشوور و بە تایبەت لە شارە گەورەکان‌دا «سەنتەر» و «ئۆفەر» و «کۆمپانیا» ئایدیۆلۆژیکن، بەڵام پێچەوانەی ئەو وشانەی سەرەوە. بڕوانە بۆ وشە داتاشراوەکان واتە «نیئۆلۆجیزم» کە تەناتەت هاوواتا فارسییەکەشی واتە «نوواژەگزینی» بۆخۆی جۆرێکە لە وشەی ئایدیۆلۆژیک.

باختین گوتەنی وشەکان بە تان‌وپۆی ئایدیۆلۆژیکەوە تەنراون و دەتوانن بچووک‌ترین گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان تۆمار بکەن. جۆیس وتەنی ئێمەمانان لە نێو وشەکان‌دا ژیان دەبەینەسەر و هەر بۆیەش بەوپەڕی هەستیاری و پارێزەوە بەکاریان دەهێنین و بەردەوام بیریان لێ دەکەینەوە. وشە ناسنامەی سووژەی ئاخێوەر دەردەخات. وشە پێشینەی فەرهەنگیی کەسەکان و تەنانەت ئاست و شێوەی خوێندن و پەروەردەیان دەردەخات. لە سەردەمی مۆدێرن‌دا وشە و ئایدیۆلۆژیا دوانەی لێک‌دانەبڕاون. ئەو توێژەرەی لەم دەقەرانەدا دەشوغڵێ دەبێ زیاتر سەرنج بداتە هەندێ زاراوەی وەک «دالی ئایدیۆلۆژیک»، «دالی بۆش»، «دالی هەڵپەسێردراو» و «ناسنامەی هەڵپێکراو».

**بیر و هزر: لەسەردەمی ئێستادا زمان وەکوو یەکێک لە پێوەرە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ڕەچاو دەکرێ، بەڵام بە پێی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و زۆربوونی سەرچاوەکانی شووناس‌خوازی، زمانی کوردی تا چەند دەتوانێ وەکوو لایەنێکی گرنگ و کاریگەر لەم بوارەدا, واتە پێک‌هێنانی شوناسی کوردی دەور بگێڕێ؟ دیسانەوە دەوری ئایدیۆلۆژیا لەم هاوکێشەیەدا بە چ شێوەیەکە؟**

**د. سەجادی:** ئەم پرسیارەی جەنابتان گرنگ‌ترین پرسیاری وت‌ووێژەکەیە، بە شێوەیەک کە لێکۆڵینەوەی ئەم پرسە لەوانەیە وەکوو تەوەری هەرە سەرەکیی ئەم وت‌ووێژە ڕەچاو بکرێ. بۆ من جێگای سەرسووڕمان و تەنانەت پێکەنینیشە کە ئەمڕۆکە کەسە جیاجیاکان باسی پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامە دەکەن بە بێ ئەوەی لە چۆنیەتیی مکانیزمی ئەو پێوەندییە بکۆڵنەوە. بە واتایەکی تر، ئەمڕۆکە و بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دواییی‌دا ئێمە ڕووبەڕووی چەندین لێکۆڵینەوە و نووسین و وت‌ووێژ دەبینەوە لە چاپەمەنی و ماڵپەڕە جیاجیاکان‌دا کە کەسەکان باسی ئەو پێوەندییە دەکەن و تەنانەت وەکوو پەتایەکیشی لێ هاتووە. ئەو پەتایەش بریتی‌یە لەوەی کە کەسەکان باسی پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامە دەکەن، بە بێ ئەوەی لە چۆنیەتیی ئەو پێوەندییەبکۆڵنەوە.

**باختین گوتەنی وشەکان بە تانوپۆی ئایدیۆلۆجیکەوە تەنراون و دەتوانن بچووکترین گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان تۆمار بکەن. جۆیس وتەنی ئێمەمانان لە نێو وشەکاندا ژیان دەبەینە سەر و هەر بۆیەش بەوپەڕی هەستیاری و پارێزەوە بەکاریان دەهێنین و بەردەوام بیریان لێ دەکەینەوە. وشە ناسنامەی سووژەی ئاخێوەر دەردەخات.**

هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەم پرسە و هەر جۆرە شیکردنەوەیەکی ئەم پێوەندییە، پێویستە تیشک بخاتە سەر پێوەندیی زمان و ئایدیۆلۆژیا ، زمان و ناخودئاگا، ناخودئاگا و ئایدیۆلۆژیا، سوبژێکتیڤیتە و ناسنامە، سوبژێکتیڤیتە و ئایدیۆلۆژیا و، زمان و سوبژێکتیڤیتە.

بێجگە لەمەش، هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەم پرسە پێویستە پشت ببەستێتە نەریتێکی ڕەخنەگرانەی دیاریکراو و بە هەمان شێوەش پشت ببەستێتە مێتۆدۆلۆژیی دیاریکراوی ئەو نەریتە مەعریفەناسانەیە. زەحمەتە بتوانین لە بیر و بیرۆکە لێکدژەکانی چەندین بۆچوونی جیاوازی ڕەخنەیی کەڵک وەربگرین بۆ شیکردنەوەی ئەم باسە. لە ساتەوەختە جیاجیاکاندا و لە زۆربەی کاتەکاندا باشتر وایە لە یەک بۆچوونی ڕەخنەیی تایبەت و یەک جۆر مێتۆدۆلۆژیی دیاریکراو کەڵک وەربگرین. ئەگەرچی دەشکرێ هاوکات لە ژمارەیەکی زۆرتری بۆچوونی ڕەخنەیی کەڵک وەربگرین، بەڵام سەرەتا و پێش ئەم کارە، توێژەر پێویستە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی مێتۆدۆلۆژیی ئەو چەند بۆچوونە ڕەخنەییە دیاری بکات، کە ئەمەش بۆخۆی دەچێتە خانەی پرسێکی تیۆریکەوە.

کەواتە، سەرەتا توێژەر دەبێ کێشە تیۆریکەکان چارەسەر بکات و پاشان دەست بکات بە خوێندنەوەی زانستیانەی پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامە. لەو مێتۆدۆلۆژیانەی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم پرسە هەڵدەبژێردرێن، دەبێ سەرەتا لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی هاوکاتی دوو بۆچوونی جیاوازی ڕەخنەیی سەر بە دوو نەریتی مەعریفیی جیاواز بکۆڵینەوە و پاشان خوێندنەوەکەمان ئاراستە بکەین. دیارە ئەمەی دوایی باسێکی تەواو تیۆریکە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەو پرسیارەی جەنابتانەوە نییە و هەر بۆیەش وازی لێ دەهێنین.

بەڵام گەر بمەوێ وڵامێک بۆ بەشی دووهەمی بابەتەکە دەستەبەر بکەم، واتە ئەگەر بێین و بە شێوەیەکی پراکتیکی باسی پێوەندیی دوولایەنە و نزیکی نێوان زمان و ناسنامە بکەین، پێویستە سەرەتا خاڵێکی جەوهەری دووپات بکەمەوە کە مەبەستی ئێمە لە ناسنامە، لایەنی خودێتی ناسنامە نییە selfhood، بەڵکوو لایەنی هاوشێوەیی ناسنامەمان لا مەبەستە sameness . ناسنامە لێرەدا ئیتر ئەو چەمکە پێشوەخت پێناسەکراو و دیاریکراوە نییە، بەڵکوو بریتییە لەو کیانە ئاڵۆز و فرەتوێ و چەندلایەنە کە بۆخۆی دروستکراوی زمان و بابەتی هێماییینە و، پرسی سەرەکیش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی ناسنامە، کە هاوشێوەییيان هەیە لەگەڵ زماندا و لە دوا قۆناغدا بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دەرئەنجامەکانی دووبارەبوونەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕەهەند و تایبەتمەندییانەی زمان لە دروستبوونی ناسنامەدا و، دیسانەوەش بەرهەمهێنانەوەی هەمان تایبەتمەندی لەو زمانەدا.

زمان و ناسنامە هەر کامیان ئەوی تر بەرهەم دەهێننەوە. لە قۆناغی یەکەمدا ئەگەرچی زمان، ناسنامەی سووژە دەسازێنێ و دواتر دەور دەگێڕێ لە پێناو مسۆگەرتربوونی ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی هەمان ناسنامە، بەڵام ناسنامەش بۆخۆی دیسانەوە لە ڕێگای زمانەوە دەوری سەرەکی دەگێڕێ لە دووبارەبوونەوە و بەرهەمهێنانەوەی هەمان تایبەتمەندی و ڕەهەند لە زماندا. ڕاستە ئەم بۆچوونە بە هۆی ڕەشبینییەوە و لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە مەودا و دەرفەتێک بۆ ئازادی و ڕزگاریی سووژە ناهێڵێتەوە دڵخوازی بیرمەندان نییە، بەڵام جەختکردنی لەسەر ئەو پێوەندییە نزیکە، بۆخۆی یارمەتیدەرە لە پێناو شیکردنەوەی چۆنیەتیی سازبوونی سوبژێکتیڤیتە و ڕەوتی بنیاتنانی ناسنامەی سووژە.

سوبژێکتیڤیتە لە ڕوانگەی منەوە بۆخۆی بەشێکە لە کیانی ناسنامەی سووژە و، ناسنامەی سووژە لە چەندین سوبژێکتیڤیتە پێکهاتووە. سوبژێکتیڤیتە جیاجیاکان پانتاییەکی زۆری کیانی سووژەی کوردییان دابین و داگیر کردووە. خاڵی گرنگی تر لەم باسە ئەوەیە کە لە ساتەوەختە جیاجیاکاندا و لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، چ مێژووی کورد و چ مێژووی گۆڕانکارییە ناو زەینییەکانی سووژەی کوردی تەنها یەکێک لە سوبژێکتیڤیتەکان دەبێتە سوبژێکتیڤیتەی زاڵ. ئەمەش هەمان ئەو سوبژێکتیڤیتەیە کە لە دواساتدا ناسنامەی سووژەی کوردی پێناسە و دابین و داگیر دەکا. بە واتایەکی تر، ناسنامەی سووژە لە ڕاستیدا لە زۆربەی کاتەکاندا دابینکراو و داگیرکراوی دەستی سوبژێکتیڤیتەی زاڵی سووژەی کوردییە.

**بیروهزر ئێوە بە چ شێوەیەک لە پێوەندیی نێوان ئایدیۆلۆژیا و سوبژێکتیڤیتە دەکۆڵنەوە؟ ئایا لەم نێوانەدا زمان چ دەورێکی هەیە و پێوەندیی زمان و بابەتی هێماییین چ کاریگەرییەکی لەسەر دەستەبەربوونی ناسنامەی ئایدیۆلۆژیکدا هەیە؟**

**د. سەجادی:** پێوەندیی نێوان زمانی کوردی و ناسنامەی کوردی بۆ من لە یەکەم پلەدا پێوەندیی نێوان زمانی کوردی و سوبژێکتیڤیتەی ئایدیۆلۆژیکی سووژەی کوردییە. گەر وردتر بدوێین، بریتییە لە پێوەندیی نێوان شێوەزاری سووژەی ئاخێوەر

**زمان و ناسنامە هەر کامیان ئەویتر بەرهەم دەهێننەوە. لە قۆناغی یەکەمدا ئەگەرچی زمان، ناسنامەی سووژە دەسازێنێ و دواتر دەور دەگێڕێ لە پێناو مسۆگەرتر بوونی ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی هەمان ناسنامە، بەڵام ناسنامەش بۆخۆی دیسانەوە لە ڕێگای زمانەوە دەوری سەرەکی دەگێڕێ لە دووبارەبوونەوە و بەرهەمهێنانەوەی هەمان تایبەتمەندی و ڕەهەند لە زماندا.**



**خاڵی هەرە سەرەکی لەم باسەدا بریتییە لەوەی کە پێوەندییەکی زۆر نزیك و دوولایەنە هەیە لە نێوان گوتاری ئایدیۆلۆجیکی ئامادە لە کۆمەڵگا و سوبژێکتیڤیتەی ئایدیۆلۆجیکی ناو کیانی سوژەدا. ئەم پێوەندییە زمان سازی دەکا، لە ڕێگای زمانەوە دروستدەکرێ، لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە و بە هۆی زمانەوە دەچێتە پێشێ.**

لەگەڵ سوبژێکتیڤیتەی زاڵی ناسنامەی ئەو سووژەیەدا. هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی پێوەندیی زمان و ناسنامەی سووژە، شرۆڤەی پێوەندیی نێوان زمان و سوبژێکتیڤیتەیە. لە قۆناغی دووهەمی باسەکاندا پێویستە لە پێوەندیی نێوان سوبژێکتیڤیتەی زاڵی سووژە و گوتارە ئایدیۆلۆژیکەکانی دەرەوەی کیانی سووژە بکۆڵینەوە. هەر بە هەمان شێوە کە ناسنامەی سووژەی کوردی لە چەندین سوبژێکتیڤیتەی جیاجیای ئایدیۆلۆژیک پێکهاتووە، لە دەرەوەی کیانی سووژەی کوردیشدا، بە واتایەکی سادە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، هەست بە ئامادەبوون و چالاکبوونی چەندین گوتاری ئایدیۆلۆژیکی جیاجیا دەکرێ.

خاڵی هەرە سەرەکی لەم باسەدا بریتییە لەوەی کە پێوەندییەکی زۆر نزیک و دوولایەنە هەیە لە نێوان گوتاری ئایدیۆلۆژیکی ئامادە لە کۆمەڵگا و سوبژێکتیڤیتەی ئایدیۆلۆژیکی ناو کیانی سووژەدا. ئەم پێوەندییە زمان سازی دەکا، لە ڕێگای زمانەوە دروست دەکرێ، لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە و بە هۆی زمانەوە دەچێتە پێشێ. هەڵبەت دیسانەوە لێرەش وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵە زۆر گرنگە، کە لێرەدا زمان وەکوو لایەنی سەرەکیی دابینکەری بابەتی هێمایین (امر نمادین) پێناسە دەکرێ. ئامادەبوونی بەرچاوی گوتارە ئایدیۆلۆژیکەکان لە بابەتی هێماییندا دەبێتە هۆی سەرەکیی ئەوەی دەستەواژەی بابەتی هێمایینی ئایدیۆلۆژیک (ideological symbolic) بەکار بێنین.

**هزر و بیر ڕەوتی بەئایدیۆلۆژیکبوونی زمان لە کەیەوە و بە چ شێوەیەک و لەسەر بنەمای چ جۆرە مکانیزمێک سەردەگرێ؟ ئایا ناخودئاگا یان بابەتی ناهۆشیاری زەینی سووژە لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟**

**د. سەجادی:** زمان لە ساتەوەختە جیاجیاکاندا لە لایەکەوە بە ئایدیۆلۆجی بارگاوی دەکرێ و، لە لایەکی ترەوە لە مۆرکە ئایدیۆلۆجیکەکان دادەماڵدرێ. ئەمەش ئەو دوو ڕەوتەیە کە لە ناسنامەی سووژەی کوردیدا دەبیندرێن. ئەم باسە بۆخۆی یەکێکە لە باسە سەرەکییەکانی گۆڕانی ڕوانگەکانی سووژەی کوردی بۆ دیاردەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی گۆڕانکاریی




کۆمەڵایەتی و ناو-زەینیشدا. ئەم ڕەوتە بەردەوام لە ئارادایە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چالاکبوونی چەندین گوتاری ئایدیۆلۆژیک لەو چوارچێوە گوتارمەندە و لەو بابەتە هێمایینەی سووژەی کوردیی تێیدا لە دایک دەبێ و پەروەردە دەکرێ.

ناسنامەی سووژە لە ڕێگەی هەندێ مکانیزمەوە و لە چەندین قۆناغی جیاجیادا، ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیک لە خۆی دەگرێ. بۆ نموونە، دوو مکانیزمی سەرەکی لێرەدا بریتین لە لەخۆنامۆیی زمانناسانە (linguistic alienation) کە زاراوەیەکی لاکان-یە و، لێپێچینەوەی دراماتیک dramatic interpellation کە بەشێکی لە ئاڵتۆسێر وەرگیراوە؛ واتە دەتوانین ئاوەڵناوی دراماتیک بە مانای ناڕاستەوخۆ، بخەینە سەر زاراوە ئاڵتۆسێرییەکە. لە مکانیزمی یەکەمدا، دالەکان ناسنامەیەکی تایبەت دەبەخشنە سووژە. دەکرێ بڵێین تەنانەت سینتاکسیش شوێنپەنجەی خۆی بەسەر ناسنامەوە بەجێ دێڵێ. واتە، ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوەی سووژە لەگەڵ زماندا بەڕاستی و لە بنەڕەتدا، ڕەوتی جێگیربوونی یەکێک لە ڕەهەندەکانی سوبژێکتیڤتەیە، کە ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ داماڵینی هەمان سووژە لە مۆرکەکانی ناسنامەی پێشووتری.

لێرەدا دال دەوری سەرەکی دەگێڕێ لە دروستبوونی ناسنامەدا و، هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەک لەم پرسە پێویستە سەرجەم لایەنەکان و تایبەتمەندییەکانی دال ڕەچاو بکات. ئەگەرچی لە زۆربەی توێژینەوەکاندا دال وەکوو ناوەرۆک سەیر دەکرێ و بە هۆیەوە ڕەهەندی مانایی زیاتر لە بەر چاو دەگیردرێ، بەڵام بۆ من تەنانەت شێوەی دەرکەوتنی دال، چ لە نقیساردا و بە شێوەی نووسراو لە دەقە جیاجیاکاندا، چ بە شێوەی هەڵکەندراو لە دەستنووسەکاندا، چ بە شێوەی دەرکەوتنیان لە کەل و پەلە جیاجیاکاندا و، تەنانەت چ بە شێوەی دەرکەوتنیان لە ڕواڵەتی دوو شێوە ئەلفوبێی جیاوازی لاتینی و عەرەبیدا، دەبێتە هۆی جێگیربوون و پاشان مسۆگەربوونی جۆرێکی تایبەت لە سوبژێکتیڤیتە.

زمانی کوردی بە هۆی پەرتەوازەبوونییەوە چ لە ڕووی شێوەی نووسینەوە، چ لە ڕووی ڕستەسازییەوە، چ لە ڕووی شێوە جیاجیاکانی زار و بنزار و شێوەزارە جیاوازەکانەوە، تەنانەت چ لە ڕووی فۆڕمی جیای دوو سیستەمی جیاوازی ئەلفوبێوە، لە ئاکامدا بۆتە هۆی بەدیهاتنی چەندین سوبژێکتیڤیتەی جیاجیا چ لە ناسنامەی سووژەی کوردیدا و چ لەو بابەتە هێمایینەی ئەو سووژەیەی تێدا پەروەردە دەبێ. ئەمەش دەوری لەڕادەبەدەر گرنگی بابەتی ناخودئاگا پیشان دەدات لەم مکانیزمە و لە دەرئەنجامەکانیدا، کە نامەوێ لێرەدا باسی بکەم.

لە مکانیزمی دووهەمدا، واتە لێپێچینەوەی دراماتیک، ناسنامەی سووژە ئەم جارەیان لە ڕێگەی ئەنیستیتۆ جیاجیاکانی بابەتی هێمایینەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە. ئەمەش ئەو ئەنیستیتۆ چالاکانەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتین، چ لە پراکتیس و چ لە ئاستە جیاجیاکانی گشتی ئاڵۆزدا (complex whole) لە ڕێگای زمانەوە دەست دەکەن بە کاریگەریدانان لە جۆری تایبەتی ناسنامەی سووژەی کوردیدا.

مکانیزمی یەکەم تایبەتە بە یەکەم قۆناغەکانی مێژووی ڕەوتی سازبوونی ناسنامەی سووژەی کوردی، بە تایبەت لە

سەردەمی منداڵیدا. مکانیزمی دووهەم زیاتر تایبەتە بە قۆناغی دووهەمی هەمان ڕەوت. بە واتایەکی سادەتر، مکانیزمی یەکەم بە هۆی زمانی دایکییەوە سەردەگرێ و مکانیزمی دووهەم زیاتر لە ڕێگای ئەنیستیتۆ جیاوازەکانەوە دێتە ئاراوە. ئەم ئەنیستیتۆگەلە ئەگەرچی لە قۆناغی یەکەمدا بریتین لە بنەماڵە و سیستەمی پەروەردە، بەڵام لە قۆناغەکانی تردا لە ڕواڵەتی چەندین داموودەزگای سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئایینیدا دەردەکەون وەکوو مزگەوت و تەکیە و خانەقا، یان وەکوو زانکۆکان، یان وەکوو هەندێ داموودەزگای تر کە من وەکوو داموودەزگای ئۆلگووساز ناویان لێ دەبەم، بۆ نموونە وەک کاناڵە تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی و ئینتێرنێتییەکان، یان چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان.

لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی لێکۆڵینەوەدا دەکرێ تیشک بخەینە سەر پێناسەکردن و شرۆڤەی هەندێ پاژی دیکەی سوبژێکتیڤیتە کە لە کیانی ناسنامەی سووژەی کوردیدا ئامادەن. ناسنامەی سووژەی کوردی ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری لە لایەن سوبژێکتیڤیتە جیاجیاکانەوە دابین کراوە، بەڵام دەتوانین قامک بخەینە سەر چەند بەشێکی بچووکی تر کە بە تەواوەتی ناچنە خانەی سوبژێکتیڤیتەکانەوە، با ئەگەر هەندێجار هەندێکیان بەشێک بن لە سوبژێکتیڤیتە، ئەمەش واتە باسی زێدە گرنگی ئیگۆکان و دەرکەوتنیان لە ناسنامە و زماندا، کە کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە. لێرەوە دەچینە نێو پێوەندیی زمان و ناخودئاگاوە و با لێرەدا کەمتر باسی بکەین.

**بیر و هزر: کەواتە لێرەوە دەگەین بە پرسیک کە وەک وتتان زۆر بە کەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە و ئەویش پێوەندیی نێوان زمان و ئیگۆیە لە ڕەوتی بەئایدیۆلۆژیکبوونی زماندا؟ دەکرێ زیاتر ڕوونی بکەنەوە؟**

**د. سەجادی:** ئیگۆکان خۆیان چەندین بەشن کە ئەگەر وەکوو سەردێڕ ئاماژەیان بۆ بکەم بریتین لە ئیگۆی ئیدەئال، ئیگۆی عەقڵخواز، ئیگۆی جوانیناسانە، ئیگۆی جێنشین و ئیگۆی ئایدیۆلۆژیک.

ئیگۆ جیاجیاکانی پێکهێنەری ناسنامەی سووژەی کوردی هەر کامیان بۆخۆیان هەڵگری تایبەتمەندی و پێناسەی تایبەت بە خۆیانن. توێژەرەوەی دەڤەری گوتاری ڕەخنەیی سەبارەت بە پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامە دەبێ ئەو ئیگۆ جیاوازانە پێناسە بکات و لێیان بکۆڵێتەوە. دیارە لەم وتووێژەی ئەم جارەماندا چیدی دەرفەت نەماوە بۆ لێکۆڵینەوە یان تەنانەت بۆ پێناسەی ئیگۆ جۆراوجۆرەکان، بەڵکوو پێویستە سەرنج بدرێتە چۆنیەتیی پێوەندی و هاوپێوەندیی نێوان ئەو ئیگۆیانە و لە قۆناغێکی تردا لێکۆڵینەوە بکرێ سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ئیگۆ جیاجیاکانی ناو ناسنامەی سووژە لەگەڵ گوتارە ئایدیۆلۆژیکەکانی دەرەوەی ناسنامەی سووژە.

ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیکەکان بەردەوام لە زمان و ناسنامەدا بەرهەمدەهێندرێنەوە، ئەمەش ئەو ڕەوتی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەیە کە من ناوی دیالێکتیکی ڕووخێنەرم بۆ هەڵبژاردووە؛ ئەم دیالێکتیکە کە جۆرێکە لە دیالێکتیکی نەرێکارانە بۆخۆی ڕێگر و کۆسپە لە بەردەم سەرهەڵدانی هەر جۆرە سوبژێکتیڤیتەیەکی عەقڵخواز یان جوانیناسانەی تازە، چ لە ناو زمانی کوردیدا و چ لە ناو ناسنامەی سووژەی کوردیدا. لێرەدایە کە پێویستە ئەرکی ئیگۆی ئایدیۆلۆژیک لە مامەڵەی لەگەڵ زماندا شی بکەینەوە و پاشان پەنجە بخەینە سەر دەوری هەر دوو ئیگۆی عەقڵانی و ئیگۆی جوانیناسانە لەم هاوکێشەیەدا.

**بیر و هزر: جار بە جار دەبینین کە هەندێ لە کەسایەتییە ناودارەکانی ئێران هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە زمانە نافارسییەکانی ئێران وەکوو زمانی ناوچەیی و لۆکاڵ بەم شێوەیە دەردەبڕن کە پۆتانسیەلی دەربڕینی هزری و زانستی نییە و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لە ڕیزبەندییە جیهانییەکاندا زمانی کوردی زۆربەی جارەکان لە پێش زمانی فارسی دادەنرێت. ڕاتان سەبارەت بەم بەراوردکارییە دژبەیەکە چییە؟ ئایا ئامە ڕوانگەیەکی تەواو ئایدیۆلۆژیک نییە؟**

**د. سەجادی:** لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا بۆچوونە زەینی و تاکەکەسییەکان لە هەمبەر بۆچوونە بابەتییەکاندا جێگایەکی ئەوتۆیان بۆ ناکرێتەوە؛ بە واتایەکی تر، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بریتییە لە پشتبەستن بە بۆچوونێکی بابەتیانە. لە باسکردن لەسەر تایبەتمەندیی زمانی کوردی وەکوو هەر باسێکی زانستی تر پێویستە ئێمە باسێکی بابەتیانە دەستپێبکەین و خۆمان لە بەکارهێنان و پێرەوکردن و دووپاتکردنەوەی بۆچوونە زەینییە تاکەکەسییەکان بپارێزین. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە زمانی کوردی بە پێی هەموو ڕێسا ئاکادێمیکییەکانی تیۆرییە زمانناسەکان نەک هەر وەکوو زمانێکی سەربەخۆ پێناسە دەکرێ، بەڵکوو تەنانەت لە هەندێ ڕوویشەوە وەک پێشینە و سیستەمی دەنگناسانە و زۆری زاراوەکان و قامووسی بەرفراوانی وشەیی بە زمانێکی تایبەت و دەوڵەمەند و فرەتوێ و کۆن دادەنرێ. سیاسەت با ئەگەر تێژتێپەڕ هەندێ ڕێسا و ڕوانگە بشێوێنێ بەڵام لە درێژخایەندا ڕاستییەکان دەردەکەون. بۆ نموونە، دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا بە هۆی شەڕی ئەو کاتەی لەگەڵ ئێراندا هەوڵی زۆری دەدا بۆ سڕینەوەی ئەو پۆلێنبەندییە زانستییەی کە زمانی کوردی دەخاتە خانەی زمانەهێندوئێرانییەکانەوە.

تەنانەت بیست ساڵ لەمەوبەریش زۆر جار گوێمان لەو وتە ناڕاست و نازانستییە بوو کە لە لایەن کەسە جیاجیاکانەوە، یان لە دەزگاکانەوە، یان لە ڕاگەیاندندا، لە هەندێ وڵاتدا و تەنانەت لە ئێرانیشدا دووبارە دەکرایەوە کە کوردی لەهجەیە. بەڵام خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەدا لانی کەم لە ئێراندا چیدی ئەو هەڵەیە دووبارە ناکرێتەوە. لە دەستپێکی دامەزراندنی بەشی کوردی لە زانستگای کوردستاندا بە داخەوە گوێمان لە هەندێ ڕوانگەی چەوت و هەندێ بیر و بۆچوونی نادروستی ئەندامانی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی هەبوو کە بە ڕاستی نیگەرانی کردین؛ نەک لەبەر ڕوانگەکانیان بۆ زمانی کوردی، بەڵکوو بە هۆی نزمیی ئاستی زانیارییەکانیان بۆ بابەتی بەرباس. هەڵبەت خۆشبەختانە بەشێکیان خێرا تێگەیشتن لەوەی قسەکانیان دروست نەبووە.

**زمانی کوردی بە هۆی پەرتەوازەبوونییەوە چ لە ڕووی شێوەی نووسینەوە، چ لە ڕووی ڕستەسازییەوە، چ لە ڕووی شێوە جیاجیاکانی زار و بنزار و شێوەزارە جیاوازەکانەوە، تەنانەت چ لە ڕووی فۆرمی جیای دوو سیستەمی جیاوازی ئەلفوبێوە، لە ئاکامدا بۆتە هۆی بەدیهاتنی چەندین سوبژێکتیڤیتەی جیاجیا چ لە ناسنامەی سووژەی کوردیدا و چ لەو بابەتە هێماییەنەی ئەو سووژەیەی تێدا پەروەردە دەبێ. ئەمەش دەوری لە ڕادەبەدەر گرنگی بابەتی ناخودئاگا پیشان دەدات لەم مێکانیزمە و لە دەرئەنجامەکانیدا.**

**رەهەندە ئایدۆلۆجیکەکان بەردەوام لە زمان و ناسنامەدا بەرهەم دەهێندرێنەوە، ئەمەش ئەو رەوتی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەیە کە من ناوی دیالێکتیکی رووخێنەرم بۆ هەڵبژاردووە؛ ئەم دیالێکتیکە کە جۆرێکە لە دیالێکتیکی نەرێکارانە بۆخۆی رێگر و کۆسپە لەبەردەم سەرهەڵدانی هەر جۆرە سوبژێکتیڤیتەیەکی عەقڵخواز یان جوانیناسانەی تازە، چ لە ناو زمانی کوردیدا و چ لە ناو ناسنامەی سوژەی کوردیدا.**

**بیر و هزر: زۆر جار باسی جیاوازییەکانی زمانی کوردی و زمانەکانی تر دێتە گۆڕێ. دەکرێ لەم رووەوە سەرنجی جەنابتان بزانین؟**

**د. سەجادی:** بە گوێرەی هەندێ لە بیروکە پێکهاتەخوازانەکان، دەتوانین بەم دەرئەنجامە خێرایە بگەین کە هیچ جۆرە سەرێتییەک لە نێو زمانەکاندا نییە و زمانەکان تەنها جیاوازیان پێکەوە هەیە. بە واتایەکی تر، هیچ زمانێک لە زمانێکی تر باشتر یان خراپتر نییە، بەڵکوو زمانەکان جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتردا. ئەم رێسایە لەسەر زمانی کوردیش دەکرێ دابەزێندرێ، بەو واتایەی کە زمانی کوردی باشتر یان خراپتر لە زمانەکانی تر نییە، بەڵکوو تەنها مۆرکی جیاوازی لەگەڵ زمانەکانی تردا هەیە. بەڵام ئەگەر بێین و باسی هەندێ تایبەتمەندیی زمانی کوردی بکەین، دەبێ بڵێین وەکوو هەموو زمانەکانی تر هاوکات هەڵگری هەندێ خاڵی بەرچاو و تایبەتمەندی ئەرێنانەیە و خاوەنی هەندێ خاڵی لاوازیشە، ئەمەش دۆخێکە کە لە هەموو زمانەکاندا دەبینرێ.

یەکێک لە خاڵە بەهێز و بەرچاوەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە زمانی کوردی لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینە جیاجیاکاندا و بە هۆی نەبوونی پێوەندیی نزیکی سیاسیی لە نێوان حوکمداریتی و میرنشینەکاندا لە لایەکەوە و نەبوونی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی وەکوو راگەیێنەرە گشتییەکان لەو سەردەمانەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە زاراوەکانی تر یان جیا لە بنزاراوەیەکی تری هەمان زاراوە پەرەی سەندووە. ئەم دۆخە نەک هەر لە نێوان میرنشینەکاندا بەڵکوو تەنانەت لە نێوان هەرێم و ناوچە جیاجیاکاندا لەگۆڕێدا بووە. ئەگەرچی ئەمانە هەموو هۆکار بوونە لە پێناو سەرهەڵنەدان و گەشەنەکردنی زمانێکی پێوەر، بەڵام یەکەم لێکەوتەی ئەرێنیی ئەم دۆخە ئەوەیە کە زۆربەی زاراوە و بنزاراوەکان ئێستا بوونەتە خاوەنی فامووسێکی وشەیی بەرفراوان و سەربەخۆ و جیا لە زاراوەکانی تر و، کەواتە، زمانی کوردی لانیکەم لە رووی ژمارەی وشەی خۆماڵییەوە و لە ئارادابوونی چەندین هاوواتا بۆ یەک چەمک، دیارده، کەس یان شت، یەکێکە لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکان. کوردی لە چەندین زاری سەرەکی پێکهاتووە و، هەر زارێکیش لە قۆناغە جیاجیا مێژووییەکاندا لە سەدەگەلی رابردوودا بە هۆی نەبوونی میراتێکی نڤیساریی پتەو و بە هۆی لە ئارادانەبوونی ئەرشیڤێکی پۆلێنبەندیکراو و یان بە هۆی باری جوگرافیی تایبەتەوە و تەنانەت بە هۆی هەڵومەرجی ئایینیی تایبەتەوە، وەک لە نموونەی ئێزدییەکاندا، بۆخۆی لە ناوچە و دەڤەر و میرنشینە جیاجیاکاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ گەشەی کردووە.

نموونەیەکی تری ساکار لە خاڵە بەرچاوە ئەرێنییەکانی زمانی کوردی لە ئارادابوونی چەندین جۆری جیاجیای پێشگر و پاشگرە لە زمانی کوردیدا، واتا ئەو توانستەی رێسا مۆرفۆلۆژیکەکانی زمانی کوردی دەماندەنێ، یارمەتیبەخشە لە پێناو وردترکردنەوەی پێناسەی وشەکاندا. بۆ نموونە، ئەم پێشگر و مۆرفیمانە لەگەڵ رەگی «خستن»دا چەندین وشەی تازە پێکدەهێنن: سەرخستن، پێشخستن، پاشخستن، دەرخستن، رێخستن، رێکخستن، هەڵخستن، داخستن، تێخستن، راخستن، پاڵخستن و هتد. یان، بە یارمەتیی پاشگرەکان دەتوانین چەندین وشەی نوێ بەرهەم بێنین، وەکوو: دەروونناس، دەروونناسی، دەروونناسیگەری، دەروونناسانە، دەروونناسیانە، دەروونناسەکی، دەروونناسیخوازی، دەروونناسیخواز، دەروونناسیخوازانە و هتد.

بەڵام لە پاڵ ئەم خاڵە بەهێز و بەرچاوانەدا، زمانی کوردی بۆخۆی هەڵگری هەندێ خاڵی لاوازیشە کە باسکردنیان کات و ساتێکی جیاوازی پێویستە. بۆ نموونە، گرنگینەدان بە ئەرشیڤ و تۆمارنەکردنی زمانی کوردی لە سەردەمانی رابردوودا بۆتە هۆی ئەوەی ئێستا زمانی کوردیی ئارکەییکمان لێ ون و نادیار بێ. بۆ وێنە، لە وەرگێرانی دەقی ئارکەییکدا بۆ زمانی کوردی رووبەرووی کێشە دەبینەوە و وەرگێر بە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ، رەهەندێکی مۆدێرن و تایبەتمەندییەکی ئیمرۆژیانە دەبەخشێتە دەقێکی کۆن و کەونارا؛ کە دیارە ئەمەش وەرگێرانێکی راستەقینە و دروست نییە. زمانی کوردی ئەگەرچی وەکوو هەموو زمانەکانی تر پێشتر خاوەنی ئەم مۆرکە بووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەم مۆرکە و ئەم تایبەتمەندییە تەنها بە شێوەی زارەکی و لە ناو خەڵکدا بەکار هاتوون و نەهاتوونەتە نڤیسین، کەواتە بێجگە لە دەرکەوتنیان لە هەندێ دەقی تایبەتدا وەکوو بەیتەکان، یان لە هەندێ لە بەشەکانی ئەدەبی فولکلۆری کوردیدا، بەتەواوەتی لە ناو چوونە.

سەبارەت بە جێگە و پێگەی زمانی کوردی دەبێ ئاماژە بەو راستییە بکەم کە ئەگەرچی زمانی کوردی خاوەن سامانێکی دەوڵەمەندە لە رووی بەرهەمی ئەدەبی نووسراو و زارەکییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە رووی بەرهەمهێنانی مەعریفەوە بە شێوەیەکی دانیاداگر و یاخود لە رێگەی دەقی فەلسەفییەوە هەر لە دێرزەمانەوە و یاخود لە باری بەرهەمهێنانی دەقی زانستییەوە لە قۆناغی ئێستادا، لەبەر چەندین هۆکاری جیاجیا و ئاشکرا نەیتوانیوە وەکوو زمانەکانی تر پێش بکەوێت. وەک دەزانن لە گوتاری ئاکادێمیکی هاوچەرخدا یەکێک لە مۆرکە سەرەکییەکانی پێوانی بەرهەمهێنانی زانست لە زمانێکدا بریتییە لە هەبوونی ژورناڵی تایبەتی زانستی بە شێوەیەک کە نوێندراو بێت و لە لایەن ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئاماژەسازی و بەڵگەکاریی زانستییەوە دانپێدانراو بێت و لە رێگەی چۆنیەتی و ژمارەی ئاماژەکردن بە وتارە چاپکراوەکانی ئەو ژورناڵەوە ئاستی بەرهەمهێنانی زانست لەو زمانەدا یاخود رادەی کاریگەریی ئەو ژورناڵە بپێورێ و هەڵبسەنگێندرێ. دیارە ئەم باسە سەرەتای باسێکی یەکجار تێروتەسەل و گرنگ و گەر مۆڵەت بدەن لێرە لەسەری نەچین و دایبنێین بۆ دەرفەتێکی تر.

**بیر و هزر:** زۆر سپاس بۆ ئەو باسانە و بۆ ئەو کاتەی داتانا.

**د. سەجادی:** منیش سپاستان دەکەم. سەرکەوتوو بن.

١- ئەم وتووێژە لە ساڵی ١٣٩٤دا بۆ گۆڤاری زرێبار ئەنجام درا، بەڵام بە هۆی داخرانی گۆڤارەکەوە بڵاو نەکرایەوە. لێرەدا بە ئاگاداریی سەرنووسەری زرێبار و ئامادەکاری وتوێژەکە بۆ یەکەم جار بڵاو دەبێتەوە.